# دابەزینی یەكگرتوو بە لیستی سەربەخۆ مافێكی سیاسی و یاسایی خۆیەتی.. باوكی بەهەند

یەكێك لە یاساو بنەماكانی دیموكراسی بوونی فرەیی پارت ورێكخراوە، وە هەر پارت ورێكخراوێك بەرنامەو فكرو ئایدیایی جیاوازی هەیە لەگەڵ یەكتری، هەڵبژاردنی ئازادو دوور لە تەزویرو خوروقات سەنگ و قورسایی پارتەكان بۆ جەماوەر دەردەخات.
ئەگەر بێت و زەمەن وكاتی هەڵبژاردن هەموو پارتەكان لەیەك بۆتەدا بن، ئیتر كوا فرەیی حیزبی؟! كوا لە كوێیە مونافەسەو كێبركێیی سیاسییانە؟! كامەیە بەرنامەو درووشمەكانی حیزبەكان ئەگەر هەموویان لە هەناوی یەك لیست كۆببنەوە؟!جا ئیتر بۆ كۆنفراسێكی گشتی نەبەستن و ببن بە یەك پارت؟!
جەماوەر ئیتر بەو پروپاگەندانە فریوو ناخوات، كە هەندێ لە لێپرسراوانی دەسەڵات هەمیشە دەڵێن: ئەزموونەكەمان ساوایەو هێشتا پێی نەگرتووە و جۆرەها بیانووی لەم شێوەیە، ئەزموونێك چواردە ساڵ ساوا بێت، ئەی ئیتر كەی پێ دەگرێت؟! دوای ئەوەی سەرۆك كۆمار كورد بێت و جێگری سەرۆك وەزیران و جێگری سەرۆكی پەرلەمان
خۆمان بین، یان ئەوەتە سەرۆكی هەرێمان هەیە، ئیتر ئەم پاساوانە ناخوات، دوای ئەم هەموو سقل و وەزنە قورسانە ئیتر كەی وەزعەكەی ناسكە.
هەندێ لە نوخبە سیاسی و رۆشنبیرەكان و تەنانەت ئەندامانی هەردوو حیزبیش باش دەزانن، هۆی دروست بوونی لیستی هاوپەیمانی ئەنجامی ئەوەیە كەسیان دۆڕان قبوڵ ناكەن بەرامبەر بەیەك وە هیچ لایەكیان پابەندی ئەنجامی هەڵبژاردن نابن، ئەگەر یەكێكیان زۆرینە بوو، بۆیە هەر درێژە پێدەری ئەم حاڵەتەن، وە ئەمەش شێوازێكی نوێیە لە (ففتی بە ففتی) یەكەی پێشوو! چونكە دەستكەوتی ئەم لیستی هاوپەیمانییە هەروو دوو لایەن وەك یەك بەشی دەكەن ودەیخۆن. لە گەورەترین پلەی حكومی هەتا بچوكترین كارمەند.
كاتێ (یەكگرتووی ئیسلامی كوردستان، یەكێتی تەتەوەیەتی دیموكراتی كوردستان، بزوتنەوەی جوتیاران، پارتی بەیت لنەهرین) لە لیستی هاوپەیمانی كشانەوە، هەر پارتەو شیكردنەوەو هۆكاری تایبەتی خۆی هەبووە لە كشانەوەیان لەو لیستە، لە سەر ئاستی كوردستان و دەرەوە قسەو باسێكی زۆری تێدا كرا، وە زۆر دەزگاو سیاتەكان بە گەرمی ئاماژەیان پێدا،
وە هەریەكەو بەشێویەك ڕاڤەو لێكدانەوەی بۆ دەكرد، زۆر لە نوسەرورۆشنبیری دڵسۆزو بە ویژدانی عەلمانی ئەم بەتەنها و سەربەخۆ بوونەی لیستی یەكگرتوویان، زۆر بە جوانی و بە ئیجابی وەسف كرد، بە پێچەوانەی هەندێ نووسەری نزیك بەدەسەڵات، كە
نووسین ولێكدانەوەی دوور لە ڕاستی دەنووسن.
ئایا هۆی چیە چەند ساڵە بە ئیجابی وەسفی یەكگرتوو دەكەن، كەچی ئێستا بانێكەو دوو هەوا، خۆ هێشتا ئەم وەسفانەتان لە ئەرشیفەكان ماوەن و نەڕزیون! وەك هەمیشە دەتانووت: (ئێمەو یەكگرتوو لقی یەك درەختین) یان (یەكگرتوو لەمەسەلەی نەتەوایەتیەوە لە هەموو كەسێ نزیكترە لە ئێمەو) "1 (حیزبەكان ئازادن لەوەی بچنە ناو هاوپەیمانی یان لێوەشی دەرچن، ئەمە بروا بوونە بە دیموكراسی، یەكگرتوو لە نێو لایەن و پارتە ئیسلامییەكاندا دەورێكی نەتەوایەتیان هەبووە) 2 (یەكگرتوو توانیویەتی لە چەند ساڵی

ڕابردوودا خۆی بگەیەنێتە ناو دڵی جەماوەرو وە خزمەتگوزاری میللەتە لەهەموو مەینەتی یەك) 3

ئەم قسانە لە كوێ و لێدوانەكانی ئێستا لە كوێ! ئایا بە چی حەقێك ڕەوایە هەزارەها دەنگی یەكگرتوو بچێتە نێو گیرفانی ئەو دوو لایەنە، وەك لە هەڵبژاردنەكەی پێشو دەركەوت تەنانەت یەك كارمەندتان پێ ڕەوا نەبینی! ئیتر هاوپەیمانی چۆن پیرۆز دەبێت لە كاتێكا مافیان پێشێل بكرێت، خۆ سوێند نەخوراوە تا قیامەت هەر دەبێت حیزبەكانی كە هەر پاشكۆو بن لە لیستی هاوپەیمانی، ئەمەیە بانگەشەی دیموكراسی وەك دەڵێن!! لە كاتێكا ماف نادەنە پارتێك بە ئازادو سەربەخۆ بەشداری هەڵبژاردن بكات دەیان ووشەی نارەوای بۆ دروست دەكەن وەك خیانەت و تێكدەرو... هتد كە پێچەوانەی هەموو یاساو رێسایەكی ئاینی وئینسانیەو تەنانەت یاساكانی كۆمیسۆنی باڵای هەڵبژاردنەكانیشە، وا دەزانن هەر لیستێك لە دەرەوەی ئەو لیستە بێت ئیتر كورد نیەو لە ئەستێرەی مەریخەوە هاتووە!

یان دەڵێن: یەكگرتوو لەبەر كورسی بووە بۆیە كشایەوە لەو لیستە، هەرچەندە ئەمە دوورە لە واقیعەوە، بەڵام ئەی ئێوە لەسەر كورسی نییە وا دوو ئیدارەكە یەك ناگرنەوە؟!! وا هەڵبژاردنێكی كەش هات تا ئێستا حكومەت دروست نەبووە. ئەی شەڕی كورد بە كوردتان لە سەر كورسی و مادە نەبووە؟!

ئەم جارە یەكگرتوو بە لیستێكی سەربەخۆو بە دەنگ و رە ـنگێكی جیاواز دەیسەلمێنێ كە كە پاڵپشتی كێشەی ڕەوای میللەتەكەیەتی لە نێو پەرلەمانی عێراق، وە هەرگیز سازش لە بچوكترین مافی مەشروعی گەلەكەی ناكات. وە كۆكەرەوەی دەنگە تورەو زویرەكانە كە لە دەرئەنجامی هەنگاوە سیاسییە سەرنەكەوتۆكانە، ئەمەش ئەبیتە هۆی زۆربوونی دەنگی كورد لە بەغدا.

هیوادارم ئەوانەی ئەهلی قەڵمن كاتێ دەنووسن تۆزقاڵێك ئەدەبی نووسینیان هەبێ، چونكە هەندێ ووشەی نابەجێ...... ) لە فەرهەنگی نووسین جێی نابێتەوە وە رەخنە گرتن مافی هەموو كەسێكە بەڵام دوور بێت لە ناوزڕاندن، وە با بە سەربەخۆ بوونی یەكگرتوو تووشی شۆك نەبن، وە ڕێز لە ئازادییە سیاسییە كان بگرن، كە یەكێكە لە بنەماكانی جاڕنامەی گەردونی مافەكانی مرۆڤ، جا پێویستە بە سنگێكی فراوانەوە ڕێز لە ئازادی و مومارەسەی هەموو پارتێك بگیرێت، بە بێ جیاوازی، وە بۆ كەسیش نیە سنووری ئازادیەكانی هیچ لایەنێك ببەزێنێت.

سەرچاوە:
"كاك فازڵ میرانی، ڕۆژنامەی خەبات
"كاك فازڵ میرانی، ڕۆژنامەی جەماوەر، ژمارە 149
"كاك نیزامەدین گلی، ئەندامی كۆمیتەی ناوەندی پارتی، ژمارە 79 یەكگرتوو1996
.